# بۆچی فوئاد ئەحمەد لەیاد بکرێ؟

**زاگرۆس ئەحمەد کەمال**



لەنیوەی دووەمی مانگی ئاب دا ساڵیادی کۆچی هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا فوئاد ئەحمەد بوو، کەچی لە وەزارەتی رۆشنبیری بگرە تا دەگاتە سەندیکای هونەرمەندان و کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و هەموو رۆژنامە و گۆڤارەکان و تەواوی چین و توێژەکانی ئافرەتان و قوتابیان و وەرزشوان و پێشمەرگە و هەموو دۆست و خۆشەویستانی ئەو هونەرمەندە نەمرە بۆ چەند ساتێکیش کاتێکیان تەرخان نەکرد کالآی پڕ بە باڵای هونەرمەندێک بێت کە پتر لەپەنجا ساڵی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی هونەری رەسەنی سرود و گۆرانی و مۆسیقای کوردی سەرف کرد، فوئاد ئەحمەد تەنها گۆرانی بێژ نەبوو بەڵکو مامۆستا و پەروەردەکاریش بوو، هەموومانی خۆش دەویست ئەی ئێمە بۆ وا بێ وەفا بووین بەرامبەری...؟

فوئاد ئەحمەد لەدوا سەفەرەکەی خۆی ئەو کاتەی بەدیداری سەرۆک بارزانی شاد بوو لەراگەیاندنەکان دا ئەو پێشوازی کردنەیان بە بەرز راگرتنی هونەرمەندە رەسەنەکانی کورد ناوەزەد کرد ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد سەرۆک بارزانی یەکەمین کەس بوو برووسکەی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەی کرد و هونەری ئەو کەڵە پیاوەی بەرز نرخاند بەتایبەتیش چۆنیەتی تۆمار کردنی سرودی ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لەژین نیشتمان ئازاد دەکەین لەخوێن مژین، باشە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بەم جۆرە رێز لەو هونەرمەندە دەنێ بۆچی ئێستا وەزارەت و دامودەزگاکان وا فەرامۆشی دەکەن، بۆچی لەژیان دا موچەی رێزلێنان نەیگرتەوەو دوای کۆچیشی گۆڕە بێ نازەکەی لەچاوەڕوانی ئێمەدا بێ تا بچین گوڵبارانی بکەین، باشە ئەوەی ئەم هونەرمەندە کردی خزمەت نەبوو بۆ هەمووومان، بیرمە وا دەزانم ئێستایە رۆژێک دوای دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی فوئاد ئەحمەدی نەمر لەماڵی زرنگی کوڕی شادبوونی خۆی بەم دیدارە نەدەشاردەوەو هەستی دەکرد میدالیایەکی گەورەی رێزلێنانی پێبەخشراوەو دەیگوت بەدووبارە بینینی سەرۆک بارزانی هەست بە شانازیەکی گەورە دەکەم، ئەی ئێستا کە وەزارەتی رۆشنبیری فەرامۆشی کردوەو عاشقانی دەنگیی ئاگایان لێ نەماوەو دەزگاکانی راگەیاندن باسی ناکەن و دوا مەنزڵگەکەی بێنازی پێوە دیارە دەبێ هەستی چی بێ، دەبێ لەو قسانەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە کە دەیگوت: حەز دەکەم خوا هەندێکی دیکە تەمەنم پێ بدات تا خزمەتی نەوەی ئێستا بکەم. راستە شوانەی کوڕی هونەرمەند بەوە ڕاگەیشت و لەکۆتایی مانگی ئاب دا لە رۆژ تی ڤی بەرنامەیەکی بۆ ساز کرد بەڵام پرسیار ئەوەیە فوئاد ئەحمەد شوانەی لەپاش بە جێما تا گۆرانیەکانی زیندوو بکاتەوە، ئەی ئەو هەموو گۆرانی بێژە رەسەنانە چی بکەن کە ساڵەهای ساڵ خزمەتیان کرد و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان پاش خۆیان جێهێشت و رۆڵەکانیان دەنگ خۆش نەبوون و ئێستاش فەرامۆش کراون، زۆر هونەرمەند ناویان نەما و بزر بوون کار وا بڕوا هەموو ناوە بەرزەکانمان لەبیر دەکەین و قسەکەی سەید مەکاوی گەورە موزیک ژەنی میسریش بەسەر ئێمە جێبەجێ دەبێت کاتێ بەراوردی گۆرانی کۆن و نوێی کرد گوتی جاران کە گوێمان لەگۆرانی دەبوو سەرمان دەهەژاند و ئێستاش کە گوێ دەگرین قاچمان دەهەژێنین واتە ئاستی هونەر لەسەرەوە بەرەو قاچ دابەزیوە،

ئێستاش کە هەندێ گۆرانی بێژ هەن هەڵگری پەیامی ئەو زاتانەن و پێویستیان بە ئاوڕ لێدانەوەی زیاتر هەیە بۆیە لە وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندان دە پارێمەوە هونەرمەندە رەسەنەکان لەیاد مەکەن و فیستڤاڵیش بۆ هونەرمەندە لاوە رەسەنەکان ساز بکەن رێز لەهونەرمەندی ناوەوە بگرن وەک چۆن کۆنسێرت و ئاهەنگ و فیستڤاڵ بۆ هونەرمەندانی دەرەوە ساز دەکەن بۆ ئەوانەی ناوەوەش بە هەمان شێوە، دوێنێ و ئەمرۆ و دوارۆژی هونەری کوردی چاوی لەدەستی ئێوەیە چاوەروانی هیممەتی بەرێزتانین.



گۆڕی فەرامۆشکراوی ئەو دەنگەی کە سروودی بۆ شۆڕش چڕی